# له زمان ژنەوە سەبارەت بە ژن!

**بەیان فەرشی**

ئەوەی تا ئێستا لەسەر ژن و سەبارەت بە ژن و بۆ ژن نووسراوە زۆربەی هەرە زۆری لە زمان پیاو یان لە ڕوانگە و دنیابینی پیاوەوە نووسراوە. جا لەوانەیە بەدەستی ژن نووسرابێت، بەڵام لە دەلاقەی چۆن ڕوانینی پیاوەوە و لەژێر کاریگەری بیروبۆچوونی پیاوەوە خوڵقێندراون.

لێرەدا نە هەوڵی ئەوە دراوە لە وشە و دەستەواژەی ئەستووری بریقەداری بیانی خۆڵقاوی ناو وێژەی بیانیان کەڵک وەربگیرێت، نە لە بەناو زانستی کۆمەڵناسی و گریمانەی بیانییەکان بۆ شیکردنەوەی دیاردەکان کەڵک وەربگیرێت.

ئەوەی لێرە دەیخوێنینەوە، ئاشکراکردنی یەک لە هەزاران تاوانی سەرداپۆشراوی، دیزە بە دەرخۆنەکراوی ناو ماڵەکانی کوردەوارییە و تەواو لە ڕوانگەی کچانی هەناسەساردی چاوترسێنکراوی کورد و دایکە دڵ پڕ لە زووخاوەکانی شار و دێهات و ڕواڵەتە درۆیینەکانی ژنە دەوڵەمەندەکانی بە زێڕ و زەنبەر داپۆشراوی کورد و خوێندەوارە دەستەوەستانەکانی دەستی داب و نەریتی چەوتی بەسەرداسەپاوی کوردەوارییەوە دەدوێ.

دیارە ئەو نموونە و باسانەی لیرەدا باسدەکرێن لەناو تاک بە تاکی کۆمەڵگای کوردیدا باوی نییە، بەڵام بە گشتی ئێستاش بە هەزاران ژیانی ئاوا لە مەترسیدان و بەرپرسیارەیەتی ئێمەیە کۆمەڵگامان وشیار بکەینەوە.

لێرە نە ڕێ و شوێنی  ژنە کوردە فیمینیستە سەرلێشێواوکان دەبینیەوە کە هەر جارەی دەستەوداوێنی ڕەوتێکی ژنانی فێمینیستن جا لە فیمینیستی فارسی بێبناغەی بێ ڕیشەوە بگرە هەتا دەگاتە خوێندەوارە پووچەڵەکانی ئوروپا کە هەر یەکەی دووکانێکی فیمینیستیان کردۆتەوە.

ئێرە کوردستانە و هەموو شتێک کوردانەیە، دەرد و ژانەکان، زۆلم و چەوسانەوەکان و تێڕوانینەکان، بۆیە چارەسەرکردنەکانیش دەتوانن کوردانە بن.

ئەم چەند دێڕەی ئێرە تەنیا بۆن و بەرامەی کوردی پێوەیە، جا لەوانەیە بۆن و بەرامەیەکی ناخۆشیش بێ، بەڵام هیچ بێرۆکەیەکی بیانی بەناوی پێشکەوتووخواز و مودێرنیتە لێرە ئێزنی فیزلێدانی نییە بەسەر فەرهەنگی کوردیدا کە کەوتۆتە ژێر کاریگەری فەرهەنگی چەوتی هاوردە و بەسەرداسەپاوی دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان، بە ڕێ و شوێن و داب و نەریتە سەقەتەکانیانەوە. لێرە ئەگەر دزێوی لەناو داب و نەریتیشماندا بێت، لە هی داگیرکەرانی کوردستان زۆر کەمترە. کەس ناتوانێ لە هەندەران چارەسەری کڵاشی خووساو بکات، کەوایە کێشەی خۆمان بە ڕێی خۆمان چارەسەر دەکەین، ئەگەر تەنانەت بڕیاری دادگایی‌کردنی زیاتر لە نیوەی حەشیمەتی پیاو بدرێ و سزای ساڵانێک شەونخوونیشیان بۆ ببڕدرێتەوە.

هەوڵ دەدرێ ژنبوون لە ڕوانگەی توێژی ئازاردیتووی چەوسێنراوی دەستی چەوسێنەرانەوە لە چوارچێوەی چەند دێڕ و ڕستەدا دەنگیان بە دنیای ناو ئەم وشانە بگات.

لەوکاتەوە کە ئەوکەسە یان ئەو شتەی بۆ یەکەم جار ژنی لە پیاو بە کەمتر نرخاند و ژنی کردە هۆکار بۆ کردەوەی قێزەوەن و نەشیاو و ژنی کردە هاندەری خراپە (جا خراپە چۆن تاریف کراوە، خۆی باسێکی جیایە)؛ لەوکاتەوە کە ئەوکەسە یان ئەو شتەی توانایی جەستە و مێشکی ژنی خستە ژێر پرسیار؛ لەوکاتەوە کە ئەوکەسە یان ئەو شتەی ژنی کردە خزمەتکاری پەرستگەی خودا پیاوەکان و لە پاشان ژنی کردە کۆڵەکەی هەموو ئایینەکان و پیاوی بێبەری کرد لە وەئەستۆگرتنی هەر بەرپرسیاریەتییەک و ژن بوو بە بەڕێوەبەری دەستووری ئایینەکان؛ لەوکاتەوە کە قەدەغەکراوەکان، ڕێپێنەدراوەکان، سنوورە تەسک و تووڕەکان، بەربەستە بێبەزییەکان و بقەکانی ئایین و ئایدئۆلۆژییەکان لەسەر جەستەی ژن پیادەکران و ژن بوو بە شارەگی مان و نەمانی ئایینەکان و ئایدئۆلۆژییەکان، هەر لەوکاتەوە ژن مردووە. ژن بوونی ڕاستی نییە و تەنیا  وەکوو ژێردەستێک لە ژیانێکی پێدراوی، پڕ لە پرسیاری، بێ مەبەستی، سەرچاوە نادیاردا ڕۆڵی کۆیلەی بیر و حەز و تاسە و پێداویستی و یاساکانی پیاو دەگێڕێ و لادان لەم سنوورانە، کۆتایی ڕێیە و کۆتایی هەناسە.

لەو کاتەوە تا ئێستا ژن یان داوەڵی دەستی کۆمەڵگای پیاوەمەزنی بووە یان دیاردەیەکی هەڕەشە و پەرەپێدەری داب و نەریتی دزێوی کۆمەڵگای پیاوەمەزنی بووە لەدژی ژن وەکوو مرۆڤێکی سەربەخۆ.

ڕەنگە یەک لە سەدی ژنی کورد ئاودیوی سنووری دەستنیشانکراوەکانی کۆمەڵگای پیاوەمەزنی بووبێت، بەڵام متمانەبەخۆیی و باوەڕبەخۆیی ژنی کورد وا وردکراوە کە پێکەوەنووسانی ئەم لەتکە وردانە لەوانەیە بەرەیەک و دوو بەرە بخایەنێ. ڕەنگە سەرهەڵدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەوێنی دەستپێکی ئەم گۆڕانە بێت، بەڵام کۆمەڵگای کوردەواری بەهۆی داگیرکەرانەوە لەگەڵ ڕەنگ و دەنگی ڕاستەقینەی ژن نامۆکراوە و دەرکەوتنی دەنگ و ڕەنگی ژن دیاردەیەکی نەناسیاوە کە تەنانەت ژن خۆشی بڕوای بە بیستنی دەنگی خۆی نییە، دەنگێک کە خوازیار و پەرەپێدەری خەبات و ئاشتی و تەبایی و دیاردەی ئەرێنی بێت.

ژن دارەدەستی پیاو بووە لە پێگەیاندن و بڵاوکردنەوەی مەبەست و ئامانجی پیاوەمەزنی، بۆیە ئەو چارەنووسە ڕەشانەی کە زۆربەی جاران بەرۆکی کچان و ژنانی کورد دەگرن، لەڕێی ژنێکەوە بە ئەنجام دەگات و ئامانج دەپێکێ. بۆ بەکردەوەیی کردنی ئەم ئامانجەش لەپێشدا دیمەنێکی پیرۆزی، بەهێزی، بێهەڵە لە پیاو، لەناو مێشک و بیری کۆمەڵگادا سازکراوە و ئەوەی پیاو بیڵێ ڕاستە و دوایین وتە. چون وەکوو ئەندامێکی کۆمەڵگا، خەڵک هەمیشە ڕێڕەو و لایەنگری شتێک و کەسێکن کە بانگەشەی باشیان بۆ دەکرێ و کاریگەریان هەیە و ئەم یەکەیەش دەچێتە سەرووی هەموو شتێک و هەموو کەسێکەوە. هەر بۆیەش ئەگەر سزایەک، هەڵپەساردنێک، یان بەنەحلەتبوونێک بەسەر کچێک یان ژنێکدا بسەپێنرێت، گرینگ نییە لەلایەن ژنێکەوە یان پیاوێکەوە بەسەریدا بسەپێت، گرینگ ئەوەیە کە میشکەکان لە خزمەت یەک بیرۆکەدان، بیرۆکەی پیاوەمەزنی کە ئەویش پشت ئەستوورە بە یاساکانی ئایین و ئایدئۆلۆژی پیاوانە و داب و نەیتە چەوتەکانی ناو کۆمەڵگا.

کچ هەر لە سەرەتای ژیانیەوە ئەندامێکی ئەمانەتییە و زارێکی برسی کە دەبێتە مڵکی کەسانی تر و بە نابەدڵییەوە بەخێو دەکرێ، بۆیە لەهەمبەر ئەو نان و ئاوەی دەیخوا، پێویستە کاری لێ بکێشرێ. نەتەنیا دڵخواز نییە، بەڵکوو بوونیشی هی خۆی نییە و هەر جارەی خاوەنێکی هەیە. لە باوک و براوە بۆ مێرد و لە مێردەوە بۆ کوڕ و کوڕەزا و کۆتایی ڕێش مردن.

ئەمەش چەند بەسەرهاتی کورتی راستەقینە:

خێزانەکە لەباری ئابوورییەوە لە تەنگانەدا نییە و هیچ گوشارێکیان لەسەر نییە. سێ کوڕەکەیان خوێندیان بەردەوام دەکەن، بەڵام دوو کچەکەیان لە پۆلی پینجەم لە قوتابخانە دەگێڕێتەوە، چون کچ خوێندنی پێویست نییە و دەبێتە مڵکی کەسانی تر. با ئەو ماوەی کە هەن بۆ قازانجی ئابووری کەڵکیان لێوەرگرن، بۆیە دوو دارە تەونیان بۆ هەڵدەبەستن و تا ئەو ڕۆژەی کە خاوەنی جەستەکانیان لە دەرگا دەکوتن، تەونیان بۆ دەکەن.

بڕیاری دابوو ببێتە مامۆستا، چۆن دێیەکەی خۆیان قوتابخانەی تا پۆلی پێنجی سەرەتایی هەبوو و لە پۆلی پێنج بەولاوە کچان نەیاندەتوانی بێنە شاری و بچنە قوتابخانە. تەنیا ١٣ ساڵ بوو، سەری بە هەنیسکەوە هەڵدەکەنرا، چیدی ڕێی پێنادرێ لە دێهاتەوە بێتە شار بۆ قوتابخانە. داویانە بە کابرایەکی بەتەمەن چون ماڵ و مڵکێکی زۆری هەیە و بەمجۆرە بنەماڵەکەشی قازانج دەکات.

تەمەنی ١٤یە و باوکی ژن بە ژنەی پێکردووە و لە خوێندن گێڕاویەتەوە. بەمجۆرە باوکی بۆتە خاوەنی ژنێکی جوان و جحێڵ و ئەویش لەئێستاوە گرێبەستی کۆیلەتی لە ماڵی تازەی واژۆ کراوە. بە تیرێک دوو ئامانجیان پێکاوە، هەم ژنیان بۆ کوڕەکەیان هێناوە و هەم کرێکارێک کە لە بەیانی تا شەو لەسەر دووکانی سەوزی فرۆشییەکەیان بەخۆڕایی خزمەتکاریانە.

براکەی لە حەمامی ماڵەکەیان دەرگای لەسەر گاڵە داوە و ڕێی هاتنەوەی قوتابخانەی نییە، چون گوایە حەزلێکردوویی کردووە. دوای چەند ڕۆژ هەواڵی مردنەکەی بڵاودەبێتەوە: "براکەی بە پێڵاقە کووشتوویەتی."

پاش سێ ساڵ ئەویینداری، ژیانی هاوبەشیان پێک هێنا، بەڵام لە مانگی یەکەمی ژیانی هاوبەشیان ئاگری لەخۆی بەردا، چون بەناو هاوژینەکەی دڵ پیسی لێدەکرد و لەماڵی دەیبەستەوە و دەرگای لەسەر گاڵە دەدا.

پاش چل ساڵ ژیانی هاوبەش و هەبوونی چوار کوڕ و دوو کچی گەنج، کاتێک کە مرد، هەنگاوێکی بەسەر مەیتەکەیدا هەڵێناوە و پاش هەفتەیەک ژنی تازەی مارەکرد.

بە دەست و پێ زنجیرکراوەکانیەوە هاتۆتە هەندەران. ژانی ددانی هەراسانی کردووە، بەڵام هاوژینەکەی ئیزنی چوونە دوکتوری نادات، چون پارەی تێدەچێت. کچێکی گەنجی دەستەوەستانی دەست و پێ زنجیرکراو لەناو کۆمەڵێ خەڵکدا، گریانی بێدەسەڵاتی و کۆیلەتییەتی.

دەیهەوێ درێژە بە خوێندن بدات، بەڵام رێی پێنادرێ، چون هەر کچەتیوە و خەراپە پاش تەواوکردنی زانکۆ دیسان دەیانەوێ بچنەوە زانکۆ.

کچەکانی لەگەڵ مەڕ و بزنەکانی جیاوازییان نەبوو. ئەگەر خۆشی لە هەر کەسێک هاتبایە چۆن مەڕ و بزنی پێ دەبەخشی، کچەکانیشی ئاوا دەبەشیەوە.

تەمەنی تەنیا ١٣ ساڵە، لەناو مەزرا خەریکی دەسکەنەی نۆکە. لە دوورەوە هەرای لێدەکەن. بە ماشێنێکی هەژدە تەگەری هاتوونەتە شوێنی بیبەن بە بووکی. ژن بە ژنەیان پێکردووە. مێردەکەی شوانە. شەش مانگی ساڵ کاری هەیە. شەش مانگەکەی تر دەخەوێ. پاش چەند ساڵان، بە چوار منداڵی وردەوە کاری ماڵان دەکات و نەختێ پارە و بەرماوەی خواردنیان وەردەگرێ. سەرەڕای ئەوە، هەموو شەوێ مێردەکەی چینێکی لێدەدات، چون پارەی زۆری نەهێناوەتەوە. مێردەکەی لەکاتی شوانی خەوی لێدەکەوێ و گورگ لە ڕانەکەی دەدا، ئیدی چیدی وەکوو شوان وەریناگرن. بۆ هەمیشە خانەنشین دەبێت و کار ناکات. بە کاری ماڵان منداڵەکانی پێدەگەیەنێ، بەڵام کوڕەکەی کە ئێستا جحێڵ بووە، پێی شەرمە بڵێ ئەوە دایکمە. بە تەمەنی پەنجا و شتێک ساڵییەوە تووشی ئالزایمەر دەبێت و دوای چەند ساڵ مەرگ دەیباتەوە.

ئەوە سێیەمین جارە ژنی بەسەر دایکیان هێناوە. هیچیان بەقەت ئەوە بێبەزەیی نەبوون. ئێستا کە دایکیان نەماوە، زڕدایکی هاتۆتە سەر ماڵیان. تەمەنی تەنیا ١٢ ساڵە، لە ماڵەی دەردەکەن چون جنێوی بە زڕدایکی داوە. کوڕێک بە ١٢ ساڵ تەمەنەوە ئاوارەی شاران دەبێت و دەکەوێتە بەر دەستی دز و چەقۆکێش و دەخرێتە ناو زیندانانەوە. تەمەنی کە دەگاتە ٣٠ ساڵ، زڕدایکی بەزۆری ژنی بۆ دەخوازێ، کچی ئەو ماڵەی بۆ دەخوازێ کە پێی خۆش نییە. بێخەبەر دێتەوە بە سەر شایی خۆیدا. زڕدایکی پاش چوار ساڵ دەرمانداوی دەکا و بۆ هەمیشە بێدەنگی دەکات.

لەلای خەڵکی بە سەروباڵای دا هەڵدەڵێ و لەناو ماڵەوەش لێدان و ئەشکەنجەی ڕۆح و جەستەی ڕەوتی ئاسایی ژیانی ڕۆژانەیەتی. مێردەکەی لە دەرێ شۆڕشگێڕی ڕێی ئازادی و ئاڵاهەڵگر و دروشمدەری بەرابەری ژن و پیاوە و لەناو ماڵێ هەر داڕزاندن و سەرکوتکردن و زنجیر لە دەست و پێ و دەم نانیەتی، چون ژن دەبێ خزمەتی مێردی بکا و کار و ئەرکی ڕوون و دیارە. چێشتخانە هەرێمی سەرۆکایەتییەتی و کۆشی پڕ لە منداڵ ئەرکی ژیان.

دەڵێ کوڕەکانم دەنێرمە زانکۆ و کچەکانم سەریان دەکەم بە قوڕدا، مەبەستی بە زۆر بە مێرددانیانە.

ئەوانە تەنیا دڵۆپێکن لە هەزاران. بە هەزاران چەوسێنەری نەزانی، دین و دنیا تەسک، هەرەشەی نەمان لە ژیانی بە هەزاران کچ و لاو و ژنی کورد دەکەن لە ماڵە گاڵەدراوەکان و لەو دیوی پەنجەرە داخراوەکاندا. با لە پەروەردەی کوڕەکانمانەوە دەست پێبکەین، لە وشیارکردنەوەی نەوەی گەنجی دنیادیتوو. با تەوژمی ئەم لافاوە زووخاوە ڕامالین و بهێڵین هیوا و جوانی لە

قەڵشتی پەنجەرەکانەوە بچنە ناو ماڵەکانەوە. با هەموو ڕۆژێ بە منداڵەکانمان بڵێین کچ و کوڕ هەرکیان مرۆڤن، هەرکیان بەرپرسن، هەرکیان خاوەنی ژان و ژیانی خۆیانن، هەرکیان بەرپرسی هەڵە و ژیانی خۆیانن. با وانەی هەموو ڕۆژێکمان بۆ منداڵەکانمان وانەی مرۆڤبوون بێت، نە ژن بوون، نە پیاوبوون، بەڵکوو وانەی مرۆڤبوون بێت.

دەبا چیدی ژنی کورد کاری هاوار و سینگ و بەرۆک دادڕین نەبێ. دەبا چیدی زمانی دەربڕینی ژنی کورد زمانی بێدەسەڵاتی نەبێ لە ترسی زمان و هەڕەشەی پیاو، لە ترسی بە نەحلەت بوون و دوورخستنەوە، لە ترسی ئەو پیاوانەی ئاڵای ڕزگاری ژن و یەکسانی ژن و پیاو لە دەرێ هەڵدەدەن و لە ژوورەوە زنجیر لە دەست و پێی ژنان دەکەن؛ لە ترسی پیاوماقووڵانی ژنکوژ؛ لە ترسی خوداناسانی ژن فرۆش؛ لە ترسی باوک و برا و مام و خاڵی دڵسۆزی حەیا پارێز؛ لە ترسی ئاڵاهەڵگرانی ئایینی بەساڵاچوو؛ لەترسی پیاوانی ئایینی لە تاوان گەوزاوی دەستی ژن؛ لە ترسی یاسای دزێوی نامرۆڤانەی پیاومەزنی؛ لەترسی پیاوانی بەرژەوەندیخواز کە لەبۆ پلە و پارە دەوری گەمژەیی بوون و سەلەفی بوون دەگێڕن؛ لە ترسی ئەو پیاوە ڕووناکبیرە ناماقووڵانەی لە ڕوانگەی ئەوانەوە بڕیاردان و هەڵوێست گرتن هەر لە پیاو دەشێتەوە.

***تێبینی:** ئەم باسە، باسی ژنانی هەڵکەوتوو نییە، باسی کۆمەڵی ژنە بەگشتی لەناو کۆمەڵگای کوردیدا. ئەم باسە یەک لایەنەیە و تەنیا لە ڕوانگەی ژنەوەیە و ڕوانگەی پیاو نەخراوەتە ڕوو.

ڕەشەممە ٢٠٢٣